

## پەرلەمانتارێکی میسری:

# نانسی لەسەرۆکەکانی عەرەب بەهەڵوێستترە

لەکۆبوونەوەی پەرلەمانی میسردا لەبارەی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان، شەڕە قسەیەکی توند لەنێوان حەیدەر بەغدادی جێگری لیژنەی کاروباری عەرەبی لەپەرلەمان و رەجەب حمیدەی ئەندامی پەرلەمان دروستبوو، کە بەپێی رۆژنامەی (الوفد)ی میسری‌و (الرأی العام)ی کوێتی گەیشتە شەڕە دەست لەنێوان هەردووکیاندا.

رەجەب حمێدە پەسنی هەڵوێستی نانسی عەجرەمی دا کە بەپێچەوانەی هەیفا وەهبی بڕیاریداوە لەلوبنان بمێنێتەوە، حمێدە گوتی "ئەو بڕیاریدا لەپێناو پشتیوانیکردنی گەلەکەی لەلوبنان بمێنێتەوە لەکاتێکدا کەهەندێ سەرۆکی عەرەب شەوارە (سهرە) لەبەر ئاهەنگەکانی دەکەن و چەپڵەی بۆ لێدەدەن، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کەهەڵوێستەکەی زۆر باشترە لەهەڵوێستی هەندێ لەسەرۆکەکانی عەرەب". حەیدەر بەغدادی داوای کرد کەناوی هونەرمەندان نەهێندرێتە ناو گفتوگۆیەکی جیدی وا کەشەڕەکە پەیوەندی بەچارەنووسی هەموو نەتەوەی عەرەبەوە هەیە. هاوکات نەوال زوغبی هونەرمەندی لوبنانییش بەردەوام خۆراك بەسەر ئاوارەکانی لوبنان دا دابەشدەکاو لوبنانی جێنەهێشتووە، بەڵام هەیفا وەهبی بەجێیهێشت و گوتی خۆ چاوەڕوانی ئەوە ناکەم تادەکوژرێم.